# گەشتێکی خێرا بە نێو لاپەڕەکانی دەسەڵاتدا

**کارمەند بەکر**
Karmand83atv@yahoo.com



ئێمە لە وڵاتێك ئەژین زۆر سەیر ، سەیر لەوەی کە حکومەت هەیە ، سەرۆك ، سەرۆکی حکومەت ، پەرلەمان ، وەزیری زۆرو زەوەند ، وەزارەت ، دادگا ، ئەمانە هەمووی هەیە ، تەواوی پێکهاتە و بەڕێوبەرایەتی و دەستە پێکهێنەرەکانی بەڕێوبردنی وڵات بونی هەیە ، بەڵام ئەگەر لە خۆ بوردوانە و لێمان ببورانە قسە بکەین و بەرپرسان و لێپرسراوانمان خەندە لە لێویان نەتۆرێنین دەتوانین بڵێین حکومەت و دەسەڵات کوا لێرە هەیە ! یان هەیە و ئێمەی هاوڵاتی هەستی پێناکەین ، یان هەیە و کار ناکات ، یان کەموکوڕییەکان وامان لێدەکات بڵێن حکومەتیش نەبێت کار هەر وا دەڕوا .

کەس نەبوو ، بڕواش ناکەم کەسێکی دڵسۆزی ئەم کوردستانە هەبێت دڵخۆش نەبوبێت بە نەمانی دوو ئیدارەیی و شاگەشکە نەبوبێ بە یەکگرتنەوەی ئیدارەکان و کۆتا هاتنی ئەو ناخۆشیانەی کە ساڵانی پاش راپەڕین و پێش دوو هەزار و شەڕی ناوخۆ توشی ئەم میللەتە بوو ، کاتی یەکگرتنەوەی ئیدارەکانیش زۆر ئومێدمان زیندوو بۆوە کە پێشتر خەونمان پێوە دەبینی ، گوتمان ئیتر ئیدارە یەکە و حکومەت بۆوە بە یەك و لە سایەی حکومەتی یەکگرتووی کوردستان ، ئەگەر نەبینە پاشا دەبینە هاوڵاتیانێکی خۆش گوزەری خێر لە خۆ دیوی ئەم ووڵاتە ، بەڵام ئێستا شتەکان پێچەوانە بونەتەوە و جگە لەوەی خەونەکانمان دۆڕاند ، بێ ئومێدی سەرەپای ژیانی ئێمەی گرتۆتەوە ، لەوەی کە حکومەت ناتوانێت ئەو داوا و ویستانەی کە ئێمە هەمانە بیهێنێتەدی و تەنها ئەو مافانەی کە سروشتین و زیاتر لەوەنا ، ئەو مافانەی کە زۆر ئاساین و حەقی هەر مرۆڤێکە کە بۆی دابین بکرێت لەو کاتەی کە لە دایك دەبێت تاوەکو دەیخەنە ناو گۆڕ بە دەستی بێنێت .

هەر کەسێکی ئەم کوردستانە بگری بە دەر لە خوا پێداوەکان کە ژمارەیان لە سەدا یەکی کوردستانیش نابێت گلەی لە حکومەت و کەمی خزمەتگوزاریەکاتی دەکات و نا ئومێدە بە چارەسەرکردنیان ، هەر لایەن و بوارێکی ئەم وڵاتە ، هەر کوچە و کۆڵانێکی ، هەر بست بە بستێکی کێشەیە ، کێشەیەك کە سەری هاوڵاتی ئاوساندووە و گیرفانی هەندێکیشی قەبە کردووە ، بە بێ ئەوەی کە کەسێك خۆی بە خاوەنی یەکەمی ئەم کێشەیە بزانێ و ئەم لایەن دەیخاتە ئەستۆی ئەویان و ئەوی تریان لایەنێکی تر خەتابار دەکات ، ئاخر لە هیچ وڵاتێکی ئەم دونیایە هەیە بڵێت ئێمە نمونەی چەندین وڵاتین و دەتوانن ئەزمونەکەمان بگوازنەوە بۆ شەرقی ئەوسەت ، کۆمەڵگای مەدەنی و دیموکراسی و ئازادین ، دەسەڵاتی هەڵبژێرراوی خەڵکین ، تێکۆشەری چەندین ساڵەی دژی

دیکتاتۆری و چەوسانەوەین ، خاوەن ئەزمونی دڵسۆزی گەل و نەتەوەین ، مێژوی نوێی مافی ژن و ڕووخاندنی دیکتاتۆریەت و ئازادی ئێمەین ، بەڵام نەتوانیً کارەبا – ئاو – بەنزین – گاز – نەوت – شوێنی نیشتەجێبون – بۆ هاوڵاتیانی خۆی دابین بکا ، کەس دەتوانیً بڵیً شەڕی پارتیزانی دەکەین و بەڵام پارتیزانمان نیە ، تۆ بڵێی لە هەموو دونیادا کەسانی دەسەڵاتدار هەبن بە ناراستەوخۆی بڵێن کارەبا – ئاو – پارە – داهات – خۆشگوزەرانی – هەموو شتێك بۆ ئێمە و ئێوەی هاوڵاتی جاریً چاوەڕیً کەن با ئێمە تێر بین ئینجا نۆرەی ئێوەیە ، ئێمە بە جلی دڕاو و نانی ڕەق و پێڵاوی لاستیکەوە خەباتمان کردو و ئەی میللەت ئێوە لە کویً بوون ، با ئێمە زیاتر لە شانزە ساڵً پشوو بدەین و ئێوە چاوەڕیً کەن ، ئاخر ناکرێت میللەتێکی هەژار ،برسی ، ئەنفالکراو ، کیمیاباران کراو ، تۆقێنراو و چواردەور گیراو ، گەلێکی خێر لە خۆ نەدیو و ، ستەم لێکراو ، ئایندە نادیار بەپرسان و سەرکردەکانی ئاوا سەرپەرشتی بکەن و بەڕێوەی بەرن ، کە موچە خۆرێك پارە قەرز کات نەوت بکڕێت و کارەبای نەبێت و گیرفانی خاڵی یە بەنزین لە کویً بێنێت ، پێداویستی ڕۆژانەی دابین کات یان بیر لەوە بکاتەوە کە خاوەنی ماڵەکەی دەری دەکات یان کرێی خانوەکەی بۆ زیاد دەکات ، بەو کارو پیشەیەی ئەوەی دەیەویً دەستی ناکەویً و بەڵام  بە گران و لە بازاڕی بیً کۆنترۆڵی ڕەشی خەڵك ڕووتانەوەدا هەرچی بویً هەیە ، ئەمەیە کێشەکە تۆ وەك هاوڵاتی بە گرانی هەرچیت دەوێت بە دەستت دەکەویً بەڵام حکومەتێك بە یاسا و هێز و جەماوەر و دەسەڵات و باج و داهات و وەزارەت و تەواوی پێکهاتەکانیەوە ناتوانێت کار ئاسانیت بۆ بکا بەو پیشە و کار و موچە و داهاتەی هەتە بە دەستی بێنیت بۆ نمونە : حکومەت تاوەکو ئێستا نەیتوانیوە شوقە دروست کات و بە پێی هەژاری دابەشی بکات و خەڵکی ڕزگار بکات لەو کێشەیەی کە بەرۆکی گرتوون بەڵام شوقە دروست دەکات و بە دوو دەفتەر دۆلار و سیً دەفتەر دەست دەکەوێت ؟؟ ئەمە پرسیارەکەیە باشە حکومەت نازانیً منی هاوڵاتی کە فەرمانبەری ئەوم چەند موچەکەمە و نرخەکانی بازاڕیش چۆنن و چەند سەرف دەکەم و چەندیش دەمێنێتەوە بۆم ، ئەگەر دەزانیً منی فەرمانبەر ئەو پارەیەم نیە و هێندەم پیً هەڵناسوڕیً کە ئەو شوقەیەی ئەو بکڕمەوە ! ئەو بۆ بەو نرخە دایدەنیً یان تەنها بۆ خەڵکانی دەولەمەند دروست کراوە ! ئەگەر دەزانیً خەڵك هەژارە و ئەو پارەیەی پیً هەڵناسوڕیً ئەی لە هەڵخەڵەتاندنی هەژاران زیاتر  چی دەمێنێتەوە ؟

کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بیً سەرۆك و جێگرەکەی لە چل وەزیر پێکهاتووە ، لە پێشدا وترا و نوسرا کە ئەم چل وەزیرە بۆ؟ لێرە  دەکرێت بپرسین  وەزیرە بیً وەزارەتاکان موشکیلە نیە !!!ئەی وەزارەتەکان چەندی بونەتە زیادە ، ئەگەر وەزارەتی کارەبا نەتوانێت کارەبا دابین کات و چوار ویستگەی تازە دروست کات ؟ باشترە ببێتە بەڕێوبەرایەتیەك و کرێکارەکان بمێنەوە بۆ کارکردن و چاکردنەوەی ئەو ئامێرانەی کە ئێستا هەن و پاسەوانەکانیش بە ئاگا بن کە ئەمانەی ماون ئاودیو نەکرێن .

وەزارەتی گواستنەوە نەتوانێت کات و ڕێکخستنی گەشت و کێشەکانی گەشتیاران چارەسەر کات و دەیان فرۆکە بە ئاسمانی ئەم کوردستانەوە بێت ، نەزانیٚ چ فرۆکەیەکە و هی کوێیە و بۆچی یە بۆ ناوی وەزارەتی گواستنەوە بێت ؟ پەروەردەی ئەم وڵاتە هەروا خراپ و نا سەردەم بیٚ و بینای قوتابخانە کێشەی هەبیٚ و کەم بیٚ ، پرۆگرامی نوێت نەبێت ، توانای بە سەردەمی کردنی خوێندنت نەبێت بۆ وەزارەتێك هەبێت بەناوی پەروەردە و بۆ بەڕێوبەرایەتیەکان کارەکان نەکەن ؟ کێشەی کەم ئاوی سەدان ئافرەتی ئەم کوردستانە لە خەو بکات و تورکیا بەنداوێك دروست کات ئاو کەم کاتەوە و دەنگۆیەك بلاو بۆوە کە ئێران ئاوی کوردستان بە ژێر زەوی‌دا دەبات و کەس دەنگی نیە ئەی وەزارەتی دەرامەتی ئاویمان بۆ چی یە ؟ لادێکان ئاوەدان نەکراونەتەوە و ئەگەر کرابێتیشەوە چەندین پێداویستیان کەمە پڕە لە کەموکوڕی ، کێشەی نیشتەجێبون هەزاران هاوڵاتی ئەم کوردستانەی هەراسان کردووە و چەندین کێشەی ناوەتەوە ئەی کەواتە وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە و نیشتەجێبون دەوری چی یە و نەبێت چی یە ؟ شەقامێك قیرتاو دەکرێت و دوایی هەڵدەوەشێنرێتەوە و هێڵی تەلەفونی بۆ دادەنرێت ، چەندین فەرمانبەر دادەمەزرێن و دوای دەخرێنە هێزی کار ، بیری نەوتی شیواشۆك هەیە لە کوردستان و سوتەمەنی نییە ، ڕۆژانە ئۆتۆمبێل دێتە ئەم وڵاتەوە و شەقام نیە ، زەوی دابەش ئەکریٚ و هیچ خزمەتگوزاریەکی پێنەگەیشتوە ، کرێچێتی چاوت دەردێنیٚ و بینای شوشەیی ئەچێت بە ئاسمانا ئەی کەواتە وەزارەتی پیلان دانان زیاد نییە ؟ مندالٚ لە سەر شۆستەکان بۆیاخی پێلاوی گەورەکان دەکەن ، لە یانەکانی خواردن و خواردنەوە بنێشت دەفرۆشن ، ڕادەگەیەنریٚ چەندین زیندانی هەن دادگایی نەکراون ، لە ترسی گەورەکان و لێنەپرسینەوە لەو کەسەی بۆتە هۆی بێزارکردن و بڕیاردانی هەڵەی ئافرەت خۆی دەسوتێنیٚ ، لە خۆپیشاندانێکدا دەگیرێیت و لێتدەدرێت ، بەڵام وەزارەتی مافی مرۆۋ نقەی لێوە نایەت ؟ زانکۆ بۆتە شوێنی خۆ نمایش کردن و بەشی ناوخۆی نییە و ئەوەی کە هەشیەتی کەموکوڕی هەیە ، دەرچوی عەرەبی و ئینگلیزیەکەی ناتوانن بەو زمانانە گفتوگۆ بکەن کە مانای لاوازی کار و پرۆگرامەکەیەتی ، بە زۆر منی قوتابی لەم کۆلێژ یان ئەویان دادەنرێم لەبەر ئەوەی ژمارەکەم ئەوەندەیە و وەزیرەکەی ئیستیقالە ناکات ؟ تەماتە و خەیار و چەندین میوە لە دەرەوەی کوردستانەوە دێن و دوو سەد لیتر گاز دەدرێت بە هەر چوتیارێکی شارەزوور بە مەرجێك تراکتۆری هەبێت و پەینەکەش هێندە نیە و گەنم و جۆکەش ئەو سەرفیاتەی نیە کە بەرهەم هات خێرا حکومەت بیکڕێتەوە و لە ڕێگەی بریکارەکانەوە ئەوەی خۆمان دابەش بکرێتەوە لە پالٚ ئەوەی کەدێت کەچی وەزارەتی کشتوکاڵمان هەیە ؟ هێشتا سەرژمێری تەواوی ئەنفالکراوەکان نازانین و چەندین کەس هەیە خراونەتە لیستی شەهیدانی ئەم گەلە قوربانی دەرەوە کە شەهید نین و وەزارەتی ئەنفالیش یەکێکە لە وەزارەتەکانی کابینەی پێنجەم ؟ زۆربەی قەزاو ناحیەکان کتێبخانەی نیە و ستۆدیۆیەکی دەنگ کە هونەرمەندان لێی ڕازی بن دەست ناکەویٚ و ئەم کار لەسەر گیرفانی خۆی دەکات و ئەو هونەرمەند وەڵامی

نادرێتەوە و ئەو ڕاگەیاندن کارمەندەکانی لە حکومەت موچە وەردەگرن و ئەم ڕاگەیاندنیان بۆیان ناکرێت و  بیرمان نەچێت وەزارەتی ڕۆشبیریشمان هەیە ؟ شەقامی پڕ لە تاسە و گەرەکی بێ خزمەتگوزاری و کەسانی دوو پارچە زەوی وەرگرتو و نەبونی شۆستە و باڵەخانەیەك بە ئاسماندا چووە و گەراجی نیە و دەبێت ئۆتۆمبێلەکانی شەقامکێك بگرن و گەراجی ئۆتۆمبێلەکانی گواستنەوە مۆدێرن نین و هەندێکیان هەر زەویەك نیە کە بگونجێ بۆ گەراج و وەزارەتی شارەوانیش هەیە ؟ چەند ساڵە داوا ئەکەین با لە هەولێر و سلێمانی دوو مۆبایلمان پێ نەبێت ، لەناکاو پەیوەندی مۆبایل و نۆرماڵ نەوەستێت وەزارەتی گەیاندن ئەم کارە ناکات ؟ .
چەندین وەزارەتی تر ماون بەلآم هێندە بەسە ! ، من نە حکومەت ڕەفز دەکەم و نە بەرچاویشم تاریکە تا تێم بگەن کە حکومەتم ناوێت و راست و چەپم پێدا هێناوە ، بەلآم دەکرێت هەر بەزووی کار بکرێت بۆ نەمانی کەموکوڕیەکان و هەر مرۆڤە گەندەڵی و کەموکوڕی دروست دەکات و هەر مرۆڤەکانیشن ڕووبەڕوی دەبنەوە و نایهێڵن ، بۆ دەبێت ئێمەش نەتوانین بڵێین دەسەلآتێکی زۆر کەموکوڕمان نیە ، بەرپرسەکانمان وەك ئێمەی هاولآتی دەژین و هەموو شتەکان بۆ ئەوان نیە ، ئاهێك هەڵکێشین و بێزاری دەرنەبڕین لەم حکومەتە ، بیر لە هەندەران نەکەینەوە و وامان لێبکەن کە پێکەوە دانیشتین لە خێزانێکدا هەر باسی کەموکوڕی ئەم دەسەلآتە نەبێت .
ئەوەی کە نوسیومە خەمی هاولآتیانی ئەم کوردستانەیە و ڕۆژانە هەڵی دەرێژین ، بەلآم ئەوەی کە گرنگە بەرپرسەکانمانن کە ئێمەی هاولآتی هەڵیدەرێژین و ئەوان کۆی کەنەوە و چارەسەری بکەن ، نەك بڵێین وا وتیشمان و نوسیشمان کێ گوێ دەگرێ و کێ دەیبیستێ و کاری پێدەکات ، ئەوان خۆیان هەرچیان بوێ دەیکەن و ئێمەش چیمان لێ دێ موشکیلەی ئەوان نیە .